# راستییە تاڵەکان:

بەختیاری شەمەیی

بەداخەوە، حیزبایەتی کردن لەناو ئێمەی کورددا، لەبری ئەوەی ئامڕاز و هۆکارێک بووایە بۆ هۆشیارکردنەوە و یەکتر خۆشویستن و یەکگرتن و هاوکاری کردنی یەکتری لەپێناوی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستاندا، کەچی بەپێچەوانەوە، ململانێ و بەرژەوەندیی حیزبایەتی، بوو بە مایەی دوژمنایەتی و هەستی تۆڵەکردنەوە لەیەکتری و هۆکاری خوێنڕێژی و ماڵوێرا...نی بۆ کۆمەڵگەکەمان. حیزبایەتی هۆکار و هاندەرێک بووە بۆ لەیەکدی ترازان و دەرپرنی رکوکینە بەرامبەر یەکتری. پەروەردەی حیزبایەتی لە کوردستاندا، پەروەردەیەکی توندوتیژانە و تۆڵەسەندنەوانەیە، رکو ینە بەرامبەر یەکیتر، لە ناخی ئەندامانی ئەو حیزبانەدا دروست کراوە و بەردەوامیش ئەم رک و کینەیە بەبەرهەم دەهێنرێتەوە.

دروشم و فەلسەفەی حیزبەکانی کوردستان، ئەمەیە: ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا نەبیت، ئەوا دوژمنی ئێمەیت و ئێمەش دوژمنی تۆین.

ئەگەر سەرۆک یان سکرتێری حیزب بە بتێکی پیرۆز نەزانیت و کڕنووشی بۆ نەبەیت و نەیپەرستیت، ئەگەر ملکەچی هەموو هەڵوێست و بڕیار و سیاسەتێکی حیزب نەبیت، بێ چەندوچوون و بێ بیرکردنەوە، بڕیارەکانی حیزب جێبەجێ نەکەیت، ئەگەر ئامڕازێکی بەکارهێنان نەبیت بەدەست سەرۆک و سکرتێر و بەرپرسانی دیکەی حیزبەوە و لە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەواندا نەبیت، ئەوا تۆ ئەندامێکی دڵسۆز نیت و جێگەی متمانە نابیت لە حیزبیدا، هەر چەندێک چالاک و پاک و دڵسۆزیش بیت، لە حیزبدا یەک هەنگاو ناچیتە پێشەوە، رابردوو و توانا و دڵسۆزی و تێکۆشانەکەت، تێناخوێندرێتەوە. هەمیشە هەر لە دواوەیت و لەناو حیزبدا هەر وەکو ئەوە وایە بوونت نەبێت.

رێکخستنە رامیاریەکانی کوردستان بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانیان، هەر ئامڕازێک بوون بۆ بەناوبانگ بوون و بە دەسەڵات بوون و سەرمایەدار بوونی چەند کەس و بنەماڵەیەک، بە هەزاران کورد و کوردستانیی تێکۆشەر و دڵسۆز، لەگەڵ ئەم حیزبانەدا، بۆ ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان سەر و ماڵیان بەخشیوە، ئەنجامەکەشی هەر ئەوە بووە، سەران و بەرپرسانی حیزبەکان لەسەر مێزی گفتوگۆی هەمیشە دۆڕاودا، رەنجی ئەو خەڵکە دڵسۆز و تێکۆشەر و گیانبەختکردوویانەیان بەفیرۆ داوە و بە چەند خاڵ و بەندی رێکەوتننامەیەکی درۆ و بێگیان لەگەڵ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا رێکەوتوون، ئیتر یان کۆتاییان بە شۆرش و بزووتنەوەکە هێناوە، یان مایەپووچ و رەنج بەخەساریان داوە، ئەم پرۆسەی گفتوگۆکردن و ریککەوتن و بەیاننامە بڵاوکردنەوە هاوبەشەی نێوان بەرپرسانی رێکخستنە رامیارییەکانی کوردستان و دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، بەدرێژایی مێژووی حیزبایەتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەر بەردەوام بووە و دووبارە بووەتەوە. سەرباری ئەمەش، حیزبایەتی بووەتە هۆکار و مایەی لەت لەت بوونی ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و شەڕی یەکتر کوشتنی کورد و کورد. گومانی تێدا نییە کە پارتە کوردییەکان، هێندەی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، تیکۆشەری کوردایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشگێری کوردیان بە دەستی یەکتر

بەکوشت داوە. تەنانەت باجی هەڵە و تاوان و ناپاکی کردنی حیزب و بەرپرسەکانیش هەر دەبێت پێشمەرگە و ندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک بیدەن.

حیزبایەتی نەتەوەی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستاندا پارچە پارچەتر کردووە، ئەمڕۆ ململانێ لەسەر سەرمایە و بوودجە و کورسیی دەسەڵات بووە بە ئامانجی سەرەکیی نێوان حیزبەکانی کوردستان. بەرژەوەندیی ناڕەوای تاکەکەسی و بنەماڵەیی و حیزبایەتی، بوون بە گرێکوێرە و لەمپەرێکی بێ بەربەست لەبەردەم دروست بوونی دەوڵەتی کوردی و ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستاندا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەر دەبێت لەپێناوی بەرژەوەندیی کورد و کوردستاندا، ئەو لاپەڕە رەشانە هەڵنەدرێنەوە و ناوی هیچ کەس و لایەنێک نەهێنرێتە ئاراوە. باشترە هێندە ئاور لە رابردوو بدرێتەوە کە خزمەتی ئەمڕۆ و داهاتوومان بکات.

٢٠١٤/٤/١٢